مستەفا مەلەکیان

ئاینو مۆدێرنە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

یاسین عومەر

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٠

مستەفا مەلەکیان

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: یاسین عومەر

بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١٠

ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

(٢٦٥١) ساڵی ٢٠١٠

لە دەزگای چاپو پەخشی حەمدی چاپکراوە

تایپ: سوهەیلە عبدالوهاب

دیزاین: ئەمیرە عومەر

تیراژ: (٤٠٠٠)

ژمارەی زنجیرە: (١٠)

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆۋ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق

ئاین‌و مۆدێرنە

بمانەوێت یان نا، خەڵکێکی هاوچەرخین و ئەهلی مۆدێرنەین، جا چ وتبێتمان مۆدێرنە خەسڵەتی تاکەکانی مرۆڤە، یان خەسڵەتی کۆمەڵگە مرۆییەکانە، یاخود خەسڵەتی قۆناغە زەمەنییەکان‌و سەردەمەکانە. بێگومان مۆدێرنە پلەو ئاستی هەیە، ڕەنگە من مرۆڤێکی مۆدێرن بم، تۆ لە من مۆدێرنتر بیت، دوورنییە کەسێك هەبێت لە هەردوکمان زیاتر ئەم خەسڵەتەی بەدەستهێنابێت. هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت قسە لەبارەی مۆدێرنەیەکی کەم‌و کورت‌و مۆدێرنەیەکی پێگەیشتوو بکرێت، بگرە لەتواناماندایە

نمونەیەکی باڵاتر بۆ مۆدێرنە گریمانە بکەین کە هێشتا کەس پێی نەگەیشتووە.

بەهەرحاڵ، ئێمە ڕایدەگەیەنین کە بەم شکڵ یان بەو شێوەیە مۆدێرنگەراین. بێگومان ئەگەر لە قسەکردندا بەوردبینیی زۆرەوە سەرنج بدەین، دەشێت دان بە بوونی حاڵەتگەلێکی دەگمەن لە نێو ئەو هۆزە سەرەتاییانەدا بنێین کە هەتا ئێستا لە هیچ بڕێك لە مۆدێرنە بەهرەمەند نەبوون، بەڵام پێویست ناکات ئەم جۆرە هۆزانە بەهەند وەربگرین، نە لە ڕووی ئامادەیی ڕۆشنبیرییان و نە لە ڕووی چڕی دانیشتوانیانەوە بە بەراورد لەگەڵ کۆی مرۆڤایەتی بەشارستانیبوو. ئەم پشتگوێخستنە لە بێڕێزی نواندنەوە نییە بەرامبەریان، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم رەوشە دەگمەن‌و دوورانە زۆر بێ کاریگەرن لەسەر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە.

کەواتە ئێمە لە لایەکەوە نوێگەرین‌و لەلایەکی دیکەشەوە باوەڕدارین (مؤمن). هەتا ئەگەر

(باوەڕ)یشمان بەوە وەرگرتبێت کە بەواتای پەیڕەوی کردن بێت لە ئاینە مێژووییە کۆنەکاندا، ئەوا ژمارەی خەڵکانی بێباوەڕ لە جیهاندا زۆر کەم دەبێت. زۆربەی خەڵك لەم سەردەمەدا باوەڕدارن، بێگومان باوەڕیش پلەو ئاستی خۆی هەیە.

با ئێستا بپرسین: ئایا لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، لە کۆکردنەوەی نێوان باوەڕو نوێگەرایدا پارادۆکسێك یان لێکدژیی‌و ناکۆکییەك هەیە؟ ئایا کاتێك کە لە یەك کاتدا نوێگەرو باوەڕدار بین ڕەفتارمان ناتەباو ناسازە؟ ئەمە یەکەم. دووەم: ئایا لەم جیهانە نوێیەدا کە ئاڕاستەمان دەکات بۆ ئەو شتەی کە نوێترە، دەتوانین پابەند بین بە کام شێوە لە شێوەکانی خوێندنەوە بۆ ئاین؟ ئایا لە توانای مرۆڤی نوێدایە دەست بگرێت بەو خوێندنەوەیە بۆ ئاین کە خۆی دەیەوێت ..؟ وەڵامم بۆ مرۆڤی هاوچەرخ ئەوەیە کە ئاین بەو شێوەیە

وەربگرێت‌و بیخوێنێتەوە کە مرۆڤی کۆنی پارێزکار (کۆنسێرڤاتیف) وەریدەگرت‌و دەیخوێندەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا، ئەگەر مرۆڤێکی لەم چەشنە لەتوانایدا نەبوو قبوڵی خوێندنەوە تەقلیدییەکە بکات بۆ ئاین، ئەگەر بیەوێت بەشێوەیەکی لۆژیکیی هاوسەنگ ڕەفتار بکات، ئەوا دوو ڕێگەی لەبەردەمدایەو هیچی تر.

ڕێگەی یەکەم: بەیەکجاری واز لە ئاین بهێنێت، کە پاشان هەرچی ئەو تایبەتمەندی‌و شتە باشانەی کە لەسەر ئاستی تاك لە ئایندا هەن لەدەستی دەدات (گەر نەڵێین ئەم شتە باشانە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەشدا هەن). هەر بۆ زانین، دەستبەرداربوونی مرۆڤ لە ئاین لانیکەم هەستکردن بە بۆشایی ڕوحی‌و نیگەرانی‌و پەشێوی بەدوادا دێت.

دووەم: ئاین بەسەرو سیماو تێگەیشتنێکی نوێوە قبوڵ بکات. بۆت هەیە ئەم تێگەیشتنە نوێیە بۆ ئاین

به مینۆکی (مەعنەویەت) ناودێر بکەیت، وەك چۆن من وا دەکەم، ئەم زاراوەی ئاینە لە هەموو زمانەکاندا، جگە لەو زناکە (مەدلول)ە ئیجابییانەی کە هەیەتی، زناکگەلێکی خاوەن ئیحائێکی عاتفی خراپیش، بە دەرونو زەیندا دەهێنێت. لێرەوە وای بەباش دەزانم ئەم تێگەیشتنە نوێیە بۆ ئاین بە دەربڕینی (مینۆکی) گوزارشت لێ بکەم. ڕەنگە کەسێك بلێت ئەم مینۆکیە زۆر جیاوازە لە ئاین بە تێگەیشتنە تەقلیدییەکەی، من خۆم لە قبولکردنی ئەمە هیچ لارییەکم نییە، بەهەر حاڵ من باوەڕم بەم تێگەیشتنە نوێیە هەیە بۆ ئاین نەك بەو تێگەیشتنو خوێندنەوەیەی کە کۆنسێرڤاتیڤەکان (محافزەکارەکان) پێشکەشمانی دەکەن.

ئەمە وێڕای دانان بەوەی کە تێگەیشتنی تەقلیدیی پێشوو لەسەروەختی خۆیدا دەسکەوتی باشی هەبووە، بەڵام شایستەی ئەوە نییە کە ئێمە ئەمڕۆ لایەنگری

بکەین، چ بەهۆی لەبەر چاوگرتنی واقیعو چ لەبەر بەرژەوەندی. چ ئەگەر خەمی تاقانەت گەیشتن بێت بە هەقیقەت (دیدی واقیعگەرایی)، چ ئەگەر خەمت ڕزگار بوون بێت (دیدی بەرژەوەندگەرایی). لە هەر دوو حاڵەتەکەدا ناتوانرێت ئاین بە تێگەیشتنە کۆنەکەی بەرگری لێ بکرێت.

ئەمەیە بانگم دەکات کە بە مکوڕییەوە داکۆکی لە پێداویستیە مەعنویەکانی ئەمڕومان بکەمەوە. نەك بۆ ئاین بە تێگەیشتنە تەقلیدییەکەی، ئەگەرچی من نکوڵی لەو دەسکەوتە ئیجابییانە ناکەم کە ئاین بەدرێژایی مێژوو پێشکەشی کردوون، باوەڕم وایە کە نابێت دەستبەرداری ئاین ببین[٢]، پاشان ڕەنگە بوترێت لەدوای روونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی مینۆکی (مەعنویەت) کە ئەوەش (واتە مینۆکی) هەر ئاینە بە

کرۆکو ناوەڕۆکەکەیەوە، دیسان لاریم نییە ئەمەش قبوڵ بکەم.

بۆ ئەوەی وێنایەکی دروستمان بۆ مینۆکی هەبێت، پێویستە هۆکاری ئەوە تێبگەین کە بۆچی مرۆڤی هاوچەرخ ناتوانێت لەگەڵ تێگەیشتنە تەقلیدیی و مێژووییەکەی ئاین هەڵبکاتو بژی..، بۆ پەیبردن بەم مەسەلەیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ چەمکی نوێگەریو ڕوونکردنەوەی ڕەگەزو سیماو پێکهێنەرەکانی، ئەمەی خوارەوە نمایشێکی کورتی ئەوەیە.

ڕەگەزو سیماکانی نوێگەری

چەندین ڕوی جیاواز لەنێوان مرۆڤی نوێگەرو مرۆڤی تەقلیدیدا هەیە، چ لە ڕووی بیروڕا مەعریفییەکانەوە، یاخود لە ڕووی سۆزدارییە هەستییەکانەوە، یان لە ڕووی کارو کارگێڕییەوە. جیاوازی لەنێوان مرۆڤی نوێگەرو مرۆڤی پێش نوێگەری لەم سێ بازنەیەدایە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ڕەگەزەکانی مۆدێرنە پۆلێن بکەین بۆ دوو پۆلی سەرەکی:

□. ئەو ڕەگەزانەی کە دەکرێت وەلایبنێینو خۆمانی لێ لادەین.

□. ئەو ڕەگەزانەی کە ناتوانین وەلایبنێینو خۆمانی لێ لادەین.

واته كۆمەڵێك سيما هەن كه مرۆڤى نوێى پێدەناسرێتەوەو بەهيچ شێوەيەك ناتوانين له مرۆڤى نوێى داڕنين. كۆمەڵێك سيماى تريش هەن كه دەكرێت مرۆڤى نوێ له خۆيداڕنێ، دواتر له توێى پرۆسەكەدا دێمه سەر ڕوونكردنەوەى، بۆ نمونه يەكێك له سيماو تايبەتمەنديیەكانى مرۆڤى نوێ بريتيیه له باوەڕبوون به پەرەسەندن و دانان بەوەى كه مرۆڤايەتى ڕۆژ لەدواى ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەچێت. وەلێ من باوەڕم وايه ئەم سيماو تايبەتمەنديیه سيماو تايبەتمەنديیەكه دەكرێت له مرۆڤى نوێ زەوتبكرێت، واته دەكرێت باوەڕ (قەناعەت) به مرۆڤى نوێ بكرێت كه پەرەسەندن دەتوانرێت وازى لێ بهێنرێتو دەستبەردارى ببين. بێگومان ئەمه كارێكى هەروا ئاسان نييه، بەڵام بەهەر حاڵ كارێكى مەحاڵيش نيه.

ئەگەر ڕازى بووين لەسەر پۆلێن كردنى سيماو ڕەگەزەكانى نوێگەرى بۆ سيماگەلێك كه قابيلى خۆ بەدوور گرتن و وەلانانن‌و سيماگەلێكى ديكه كه قابيلى خۆ بەدوور گرتن و وەلانان نين، ئەوا پێويسته لەسەرمان ملكەچى ئەوە بين كه هەر ڕەگەزێك له ڕەگەزەكانى مۆدێرنه ئەگەر قابيلى خۆ بەدوور گرتن نەبوو ئەوا دەبێت له بوونى مرۆڤى نوێدا وەكو ئەمرى واقيع دانيپێدا بنرێت، جا ئەو ڕەگەزە شتێكى باش (ستايشكراو) بێت يان خراپ (نەفرەتلێكراو)، جوان بێت يان ناشرين، بەدڵمان بێت يان نا، تەنانەت گەر ويستمان له مرۆڤى نوێ مرۆيەكى ئاينى (ئايندار) دروست بكەين، پێويسته ئەوە بزانين كه ئەمه بەدينايەت ئەگەر ئەم سيمايه يان ئەم تايبەتمەنديه لەبەرچاو نەگرين. ڕێگەم بدەن نمونەيەك بۆ ئەمه بهێنمەوە، بەر له هەزار ساڵ پێش ئێستا، باپيرانمان لەشەوانى هاويندا دەچوونه سەربانى ماڵەكان و

بەدەست ئاماژەیان بۆ منداڵەکانیان دەکرد تا سەیری ئاسمان بکەن .. چییان لە ئاسماندا دەبینی، دەیانویست منداڵەکانیان چی ببینن‌و چی تیا بخوێننەوە؟ دەیانویست منداڵەکانیان لە مەزنیی بوونەوەر وریا بکەنەوە، بۆیە پێیاندەوتن: ئێمەی مرۆڤ گەر بمانەوێت سەربانێك دروست بکەین، چەند بچوکیش بێت، هەر پێویستمان بە ستونگەلێك دەبێت سەربانەکە بەرز ڕابگرێت، بەڵام خوای گەورە ئەم سەربانە گەورەو بەرزەی بێستوون‌و دیوار دروستکردووە، ئەوان وایاندەزانی ئاسمان سەربانە، ئەوان وایاندەدا بەگوێی منداڵەکانیاندا کە بۆ ئەوەی چراکانمان بە داگیرساوی بمێنێتەوە هەمیشە پێویستیمان بە زەیت دەبێت، بەڵام گومەزی ئاسمان چراگەلێکی تێیدایە کە سەدان ساڵە دەدرەوشێتەوە بێئەوەی شەوق‌و ڕۆشناییەکەی بکوژێتەوە. سەربانی بێ پایەو چرای بێ زەیت، زەینی باپیرانی دێرینمانیان ئاراستە دەکرد بۆ بینینی

تواناییەکی خودایی تەواو لەپشت ئەم پەرچووانەوە (معجزە). بەڵام ئەو ئەقڵیەتە چیە کە ئێمە ئەمڕۆ سەیری ئاسمانی پێدەکەین، ئەی ئەو شتانە چین کە تێیدا دەیانبینین‌و مکوڕین لەسەر ئەوەی کە بۆ منداڵەکانمانیان بگوێزینەوە؟

جیاوازییەك نیە لەنێوان ئەو کاریگەرییە هەستییەی کە ئێستا ئێمە هەڵمانگرتووە لەگەڵ ئەو کاریگەرییە هەستییەی کە باپیرانمان هەڵگریبوون. ئەو ڕوناکییەی چاوانی ئەوانی دەبڕی هەمان ئەو ڕوناکییەیە کە ئێستا چاوانی ئێمە دەبڕێت. هێشتا ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوەو دەبریسکێنەوەو لە مێشکی ئێمەدا هەمان ئەو کاریگەرییە هەستیە کۆنانە دادەنێت کە ئەوسا لە چاوی باب و باپیرانماندا دایدەنا. بەڵام جیاوازییەکی جەوهەریی گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی ئەوان لەڕێی ئەو تێڕوانینەوە دەیانخوێندەوە

لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە ئێستا وێنای دەکەین. چیدی ناتوانین وەك سەربانێك بڕوانینە ئاسمانو وەك چراگەلێك بڕوانینە ئەستێرەکان، تیۆریە تازەکان بۆ ئەم مەسەلانە پەردەیان لەسەر واتاگەلێکی نوێ لاداوە، بەچەشنێك کە چیدی ناتوانین ئەم شتانە بەخۆمان بڵێین چ جای بە خەڵکانی دیکە؟ ئەمەش واتای ئەوەیە کە وتمان هەندێ لە ڕەگەزەکانی مۆدێرنە قابیلی داڕنین نییە لە مرۆڤی نوێ. کاتێك دەڵێین هەندێ لە ڕەگەزەکانی مۆدێرنە ناکرێت خۆمانی لێ ڕزگار بکەینو وەلاینێین، هیچ دەرەتانێکمان نییە دەبێت لەگەڵیدا بژین، تەنانەت ئەگەر پێمان وابوو پوچو ناڕاستیشە، هەروەك ڕەفتاری پزیشك لەگەڵ نەخۆشدا کاتێك داوای لێدەکات کە ئارامو هێور بێت تاوەکو خولی سروشتیی نەخۆشییەکە تەواو دەبێت، چونکە تا نەخۆشییەکە خولەکەی خۆی تەواو نەکات نووسینی چارەسەرەکە هیچ سوودی نیە، خۆ ئەگەر

نەخۆشییەکەش خولەکەی خۆی تەواو کرد ئاشکرایە نوسینی چارەسەر پێویست ناکات، چونکە نەخۆشەکە چاکبۆتەوە. ئەو کەسەی دەیەوێت بانگی مرۆڤی هاوچەرخ بۆ ئاین بکات، دەبێت بایەخێکی فراوان بدات بەشێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەی مۆدێرنە کە هەڵناوەشێنرێنەوە.

بەڵام ئەو ڕەگەزانەی کە قابیلی هەڵوەشاندنەوە لە مرۆڤی نوێ جیابکرێنەوە، ئەوا دابەش دەبن بۆ دوو بەش: ئەو ڕەگەزە ڕاستو دروستانەی کە قابیلی لێکردنەوەو لێکهەڵوەشاندنەوەنین، هەروەها ئەو ڕەگەزە پوچانەی کە قابیلی لێکردنەوەو لێکهەڵوەشاندنەوەن، یاخود ڕەگەزە باشەکانو ڕەگەزە خراپەکان. ئەگەر ئەم ڕەگەزانە لە جۆری یەکەم (باشە ڕاستەکان) بوون ئەوا دژایەتیکردنیان هیچ واتایەکی نییە بەڵکو پێویستە قبوڵ بکرێن، بەڵام ئەگەر لە بەشی دووەم (پوچە خراپەکان) بوون ئەوا دەبێت

بەربەرەكانییبكرێن، بەڵام بەشێوازێك كە مرۆڤی نوێ لە زاراوەی بەربەرەكانی تێبگات، واتە بەربەرەكانیكردنێكی زانستییانە.

بەكورتییەكەی، ئێمە تەنها بایەخ بەم بەشەی دواییدەدەین، واتە كارمان بەسەر ئەو ڕەگەزانەوە نییە كە قابیلی وەلانانو خۆ بەدوورگرتن نین، هیچ كێشەیەكیشمان لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەیشدا نییە كە قابیلی وەلانانو خۆ بەدوورگرتننو سەر بە بەشی یەكەمن واتە چاكن، بگرە پێشوازی لەم جۆرەی ڕەگەزەكان دەكەین، هیچ نامێنێتەوە تەنها جۆری سێیەم نەبێت كە ئەویش ئەو ڕەگەزانەن كە قابیلی وەلانانو خۆبەدوور گرتن نینو خراپیشن.

چەمكی مینۆكی

مرۆڤ پەی بە پێویستبوونی مینۆكی نابات تەنها ئەو كاتە نەبێت كە هەست بەدوو شت دەكات: یەكەم: ئاین وەك پێویستیەك، دووەم: هەستكردن بەوەی كە ئاین بە تێگەیشتنە كلاسیكییە مێژووییە ئوسوڵییەكەی لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەی مۆدێرنەدا ناگونجێت كە ناكرێت خۆمانیان لێ بەدوور بگرینو وەلایان بنێین، یان ئەو ڕەگەزانەی مۆدێرنە كە دەكرێت خۆمانیان لێ بەدوور بگرین بەڵام ڕاستیشن. ئەگەر لەیەك كاتداو پێكەوە هەستمان بەم دوو مەسەلەیە كرد ئەوا ناتوانین بەواتا باوەكەی ئاین باسی ئاین بكەین، لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئاین دژ بوو لەگەڵ ڕەگەزێكی مۆدێرنە كە قابیلی وەلانانو خۆ لێ بەدوورگرتن نییە، ئەوا ئەو مۆدێرنەیە سەركەوتوو نابێت.

هەروەها ئەگەر ئاین دژ بوو لەگەڵ ڕەگەزێكی ڕاستو باشی مۆدێرنە كە قابیلی وەلانانو خۆ لێ بەدوور گرتنە، ئالەو كاتەدا پەنا دەبەینە بەر ئەوەی كە بڵێین خوێندنەوەیەكی نوێ بۆ ئاین پێویستە كە لەگەڵ ئەو دوو جۆرە ڕەگەزەی كە باسكران دژ یاخود پێچەوانەیە، مەبەستم لە مینۆكیش هەر ئەمەیە.

ئەقلآنیەت بریتییە لە گەورەترینو دیارترین تایبەتمەندییەكانی نوێگەری كە قابیلی خۆ لێ بەدوور گرتن نیە، لێرەوە یەكەمین تایبەتمەندییەكانی مینۆكی بریتییە لە توانای مینۆكی بۆ سازان لەگەڵ ئەقلآنیەتو خۆگونجاندن لەگەڵیدا. جا ئەو كات دەكرێت بە شێوەیەكی دیكە پێناسەی مینۆكی بكرێت، بوترێت بریتییە لە ئاینێكی ئەقڵێنراو، بۆ ئەوەی ئاین بئەقڵێنرێت پێویستە كۆمەڵێك ئەرك ئەنجام بدرێت.

مەبەستم ئەوە نیە كە هەر دەبێت لە سەر ئاستی كۆمەڵگە ئەم ئەركانە جێبەجێبكەین، بەڵكو لە توانای هەر كەسێكدایە كە بەتەنها خۆی بەم كارە ئەنجام بدا ئەگەر ئارەزوو بكات لە ئەهلی واتا (مەعنا) بێت. پێویستیش ناكات دامەزراوە ئەكادیمیو مەڵبەندەكانی توێژینەوە لەسەر ئاستێكی كۆمەڵایەتیی فراواندا دەستپێشخەری بۆ ئەم كارە بكەن ئەگەرچی خۆی لەخۆیدا ئەمە پێویستە، كێشەكە ئەوەیە تاك ناتوانێت هەروا بەچاوەڕوانی بمێنێتەوە تا ئەو دامو دەزگاو مەڵبەندانە دادەمەزرێن، بۆیە تاك ناچار دەبێت بە هەوڵو كۆششی خۆی دەستپێشخەری بۆ ئەم كارە بكات، بۆئەوەی ڕوانینی بۆ خۆیو ئاینیش ڕاستبكاتەوە. ئەمە تێبینیی یەكەم.

تێبینیی دووەم: ئەم كارانەی، كە پێویستە هەموو تاكێك ئەنجامیبدات، هەر تەنها تێڕامانگەلێكی تیۆری

نین، بەڵکو پێویستە جۆرە چالاکیو وەرزشگەلێکی هەناویشیان لەگەڵدا بێت، بۆئەوەی هەل بۆ خاوەنەکەی بڕەخسێنێت کە ئایندار بێت بە ئاینێکی ئەقلانی. لێرەدا بەپێویستی دەبینم کە ئەو ڕەگەزو سیمایانەی مۆدێرنە بژمێرم کە ناکرێت خۆمانی لێ بەدووربگرین..

ڕەگەزە خۆ لێ بەدوور نەگرەکان: ئەمەی خوارەوە کورتە وەڕوخستنێکی ئەو ڕەگەزو دیاردانەیە کە ناتوانرێت لە مۆدێرنە داماڵرێن.

١ . وەسفکردنی مۆدێرنە وەك میتۆدێکی سەلماندنئامێزی پشت بە بەڵگە بەستوو (برهانیا استدلالیا):

ئەو شتەی کە وا دەکات مۆدێرنە لەگەڵ خوێندنەوەی کلاسیکی بۆ ئاینی مێژوویی تەبا نەبێت ئەوەیە کە ئەمەی دواییان (خوێندنەوەی تەقلیدی بۆ

ئاینی مێژوویی) خاوەن مۆرکێکی پەرستنانەیە).
بەڵگەئامێزو پەرستنئامێز (والاستدلال والتعبدیە) دوو لایەنی لێکدژن. چەمکی پەرستن واتە من کاتێك دەڵێم ئێ (ئەلف) بەواتە بێ (با)، داوای بەڵگەم لێدەکەیت، لەوەڵامدا بەوەندە بەس دەکەم: لەبەرئەوەی فلان کەس (س) وای گوت. ئەمە شێوەی گشتیی بەڵگەهێنانەوەیە لەدیدی پەرستنەوە. چەندێك ئەم جۆرە بەڵگەهێنانەوەیە بێزارت دەکات ئەوەندە نزیکی لە فاکتەری مۆدێرنە. لە دیدی مرۆڤی نوێدا هەڵەیەکی گەورەیە پێی بوترێت (ئێ) بەواتە (بێ) چونکە (س) وای وت، پەرستن سورە لەسەر قسەکەی خۆی.

بەڵام میتۆدی سەلماندن وێنەیەکی دیکەی جیاوازی هەیە، کاتێك کە دەڵێم (ئێ) بەواتە (بێ) داوای بەڵگەم لێدەکەیت، لەسەرمە وەڵامت بدەمەوە بۆ نمونە بڵێم (ئێ) بەواتە (چێ)، و(چێ)ش بەواتە (بێ)، ئەنجامگیری دەکەین کە (ئێ) بەواتە (بێ) ڕەنگە لەگەڵ

ڕاکەمدا نەبیت کە (ئێ) بەواتە (چێ)، ئەوکات دەبێت پرۆسەی بەلگەهێنانەوەکە بەردەوام بێت بۆ نمونە دەڵێم (ئێ) بەواتە (دێ)،(دێ)ش بەواتە (چێ) جائەوجا (ئێ) بەواتە (چێ)، ئابەم شێوەیە تا باوەڕ بەڕەوتی بەلگەهێنانەوەکە دەکەیت.

مۆدێرن نابیت تا ئامادە نەبیت کە بە بەلگەهێنانەوە هەنگاو نەنێیت، لەبەرئەوەی لایەنی بەرامبەر هێشتا چەندین پرسیاری هەیە، جا ئەگەر لە بەلگەهێنانەوەدا گەیشتیتە قۆناغی ئەوەی کە (کێ) بەواتە (لێ)و بەرامبەرەکەت داوای بەلگەی لێکردی، بەلگەت نەهێنایەوەو پەنات بردە بەر قسەی فڵانو فیسار، ئەوا بەم کارەت پەنات بردۆتە بەر پەرستنو سنووری بازنەی مۆدیرنەت جێهێشتووە، لەبەرئەوەی بەلگەهێنانەوە لەسەریەتی رانەکات لە وەڵامدانەوەی (کە داواکاریی بەردەوامی لەسەرە بۆ بەلگەهێنانەوە).

گەر گەیشتینە خاڵێك کە بەلگەمان نەما، ئەوا پێویستە بۆ پاراستنی سیمای مۆدێرنی ڕەفتاری خۆمان بێدەنگەی لێبکەین، ئەگەرنا سور بوون لەسەر ئەنجامێك بەبێ بەلگەهێنانەوە خۆی لەخۆیدا پەرستنە، بەمەش بوارێك بۆ بانگەشەکردنی لایەنگیری بۆ جیهانی مۆدێرنە نامێنێتەوە.

یەکەمین کار بۆ بەدیهێنانی مینۆکی بریتییە لەوەی کە چەند لە توانادا بێت ڕەگەزی پەرستن لە ئایندا وەلابنرێت. بۆیە دەڵێم چەند لەتوانادا بێت لەبەر دوو هۆ کە دواتر باسیان دەکەم. لەکرۆکدا بەلگەهێنانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتەی کە تیلیش بە خۆبەڕێوەبردن (**Autonomy**) گوزارشتی لێکردووە نەك کەسانیدیکە بەڕێوەیبەرن. مرۆڤی بەلگەویست (استدلالی) ئامادە نییە خۆی نەبێت کەسیدیکە فەرمانڕەوایی بکات، بەڵام مرۆڤی ملکەچ ئامادەیە

کەسانی دیکە فەرمانڕەوایەتی بکەن. تەوژمی (پشت بەکەسانی دیکە بەستن) بوو کەسانی وەك فیرۆباخو هیگلو ڕەوتی چەپ لە قوتابیەکانی هیگلی بەرەو بیرۆکەی جیابوونەوەو دابڕان لەخود برد. هیگل پێیوایە هەر کەسێك کە دوچاری ئەوەیە پشت بە کەسانی دیکە ببەستێت، کەسایەتیی ئەو کەسە دوچاری نەخۆشیی شیزۆفرینیا بووە، بە چاوپۆشی لە سروشتی ئەو کەسەی پشتی پێدەبەستێت و بیروڕاو قسەکانی دەپەرستێت، کە ڕەنگە لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی دیکەو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەو لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی دیکە بگۆڕێت، بەڵام ماهیەتی پەرستن سەرباری ئەم جیاوازیو ناکۆکییانە هەر هەمان شتەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە. پەرستش بریتییە لە قبوڵکردنی ڕایەك یان حوکمیك تەنها لەبەرئەوەی سەرچاوەکەی فلان کەسە.

□. متمانە نەکردن بە مێژوو، زۆر بە کەمی نەبێت پشت بە مێژوو نەبەسترێت:

بێگومان مەبەست لە متمانە نەکردن بە مێژوو ئەوە نییە کە مرۆڤی مۆدێرن دیدێکی مێژوویی نییە. چۆن؟ یەکێك لە تایبەتمەندییە مەعریفییەکانی مرۆڤی مۆدێرن ئەوەیە کە دیدێکی مێژوویی هەبێت بۆ شتەکان. بەواتە مرۆڤی مۆدێرن کە دەڕوانێتە دیاردەیەك هەر تەنها لە سنووری بڕگەی ئێستایدا تەماشای ناکات، بەڵکو درێژبوونەوەی ئەو دیاردەیە لە ڕەوەندی مێژوویدا لەبەرچاو دەگرێت، لۆژیکی ڕۆمانی مێژوویی پێمان دەڵێت تەماشاکردنی بڕگەیەك لە قەدی درەختێك بەس نیە بۆئەوەی بەتەواوی درەختەکە بناسین، بەڵکو دەبێت تەماشای هەموو بەشو بڕگەکانی بکرێت.

مرۆڤی مۆدێرن پێوایە، لە باردا نیە بتوانرێت هەقیەقەتی حکومەت یان ئاین یان هێڵێك یاخود وەرزشێك بزانرێت هەر تەنها بە ئاگاداربوون لە ڕەوشی ئێستای، بەڵکو دەبێت لەو بارودۆخانە بکۆڵرێتەوە کە ئەم دیاردەو وتەزایانە لە مێژوودا پیایاندا تێپەڕیون، هەروەها لە سروشتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بینیویانە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم جۆرە لە نەبوونی متمانە بە مێژوو بەو واتایە نییە کە سوود لە پەندو وانە مێژووییەکان وەرنەگیرێت، بەڵکو ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە مرۆڤی نوێ بەتایبەتی لەپاش سەردەمی دەیڤد هیوٚم، تێگەیشت کە ناتوانرێت لە دەروازەی مێژووەوە بگاتە ئەنجامە یەقینییەکان. متمانە نەکردن بەمێژوو بەواتەی ئەوەی کە مێژوو زانستێکی گریمانەییە نەك ڕەهایانە. ئەم نارەهاییە لەبەرامبەر هەموو برگە مێژووییەکان ڕاستە، تەنانەت ئەگەر جگە لە چەند دەقیقەیەك هێندە کات بەسەر ڕوداوەکەشدا

تێنەپەڕیبێت. هەرئەوەندەی ڕوداوەکە چووە ناو تەوەری مێژووەوە، ئیدی سەخت دەبێ حوکمێکی پڕاوپڕی یەقینی بەسەردا بدەین، وەکو ئەوەی کە لە بیرکاریدا هەیە کە(٢+٢= ٤). بگرە ناکرێت متمانە بە ڕوداوێکی مێژوویی بکرێت، تەنانەت لە ئاست ئەو یەقینەیش کە لە بواری زانستە ئەزموونگەراییەکاندا بەدەستهاتووە، وەك ئەو زانستەی کە (ئاو لە پلەی ١٠٠ی سەدیدا دەکوڵێت). هیوٚم ڕۆڵێکی گەورەتری گێڕا لە چەسپاندنی ئەوەی کە هەمیشە سەبارەت بە ڕوداوەکانی مێژوو برێك گومان هەیە.

تایبەتمەندیی (گریمانەیی)، سەبارەت بە ئاین زۆر پرسیار دەوروژێنێت، لەبەرئەوەی ئاین دەوەستێتە سەر دڵنیابوون لەڕودانی چەند ڕوداوێکی مێژوویی. لە هەموو ئاینێکدا دەبێت وەك پێشەکییەکی پێویست بۆ چوونە سەر ئەو ئاینە تەسلیمی زنجیرەیەك ڕوداوی

مێژوویی بیت. لە تواناتدا نییە بانگەشەی ئەوە بکەیت کە مەسیحییت و هاوکات نکوڵی لە شێوی دوایین بکەیت، یان نکوڵی لە لەخاچدانی مەسیحو دەرکەوتنەوەی سەرلەنوێی لە پاش چەند ڕۆژێك لەمردنەکەی بکەیت. بەلاّم هەتا چەند دەتوانین بەڕاستی سوور بین لەسەر ئەوەی کە ئەم ڕوداوە مێژووییانە ڕویانداوە؟! دوو هەزار ساڵ ئەو ماوە زەمەنییەیە کە لەو ڕوداوانە جیامان دەکاتەوە، ئەوەشی بۆ زیاد بکەم کە جگە لە مەسیحییەکان هیچ کەسێك لایەنگری لە ڕودانی ئەم ڕوداوانە ناکات.

ئەم ڕوداوە ئاینییە هیچ مێژوونووسێکی سکیولاریست نەیگێڕاوەتەوە. ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە. دەیڤد هیوّم لەم بارەیەوە قسەیەکی خۆشی هەیە. دەپرسێت: چ شتێك زیاتر شایستەی باوەڕ پێکردنە، ڕوداوێك کە هەزار کەس دەیگێڕنەوەو

هەموویان مەسیحیین یان ڕوداوێك کە دوو سەد مەسیحی و سێ سەد بوزیو چوار سەد مسوڵمان دەیگێڕنەوە، ئا بەم شێوەیە؟ ئاشکرایە کە ڕوداوی دووەم زیاتر شایستەی پەسەند کردنە، لەبەرئەوەی ئەوەی لە حاڵەتی یەکەمدا هاتووە هاوبەشبوونیان لە مەسیحییەتدا پەیوەندیو کاریگەری هەیە لەباوەڕداربوونیان بە ڕودانی ئەو ڕوداوە چ بە ئاگاییەوە بێت یان بە نائاگاییەوە، هەروەها گەر نیوەی هەزار کەسەکە پیاوان بن‌و نیوەکەی دیکەشی ژنان بن کارەکە هەر بەهەمان شێوە دەبێت، واتە پلەی متمانە بە گێڕانەوەکە زیاتر دەبێت، لەبەر هەمان ئەو هۆیەی کە باسکرا، ڕەنگە مەسەلەی پیاوبوون پەیوەندی هەبێت بەو هەواڵەوە. ئێستا با گریمانەی ئەوە بکەین کە هەزار کەس کە لە ئاینگەلێکی جیاواز بوون، نیوەیان پیاو و نیوەکەی تریشیان ژن بوون، هەندێکیان دەوڵەمەندو ئەوانیتر هەژار بوون، ئا لەم شێوە

جیاوازییانە، چەند ئەو کەسانەی قسەکە دەگێڕنەوە هەمەچەشنبن پلەی متمانەو دڵنیاییەکە بە ڕودانی ڕوداوەکە زیاتر دەبێت.

فرەیی هەمەچەشنی، بەواتە کەمیی تایبەمەندییە هاوبەشەکان، کەمیی تایبەمەندییە هاوبەشەکانیش بەواتە کەمی بەرژەوەندییەکان، کاتێکیش بەرژەوەندییەکان کەم دەبێتەوە، کەوتنە ژێر کاریگەریش کەم دەبێتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەوە پرسیارەکەم دوبارە دەکەمەوە: ئایا ئەم ڕوداوانە لەلایەن بیرمەندێکی علمانییەوە گێڕدراونەتەوە، کە مامەڵەیەکی بێلایەنانە لەگەڵ ئایندا دەکات، مامەڵەیەك کە نە لە دژییەتیو نە لەگەڵیەتی؟

بەهەر حاڵ، ئەم سیمایە لە سیماکانی مۆدێرنەیە (مەبەستم نەبوونی متمانەیە بەوەی کە لە مێژوودا هەیە) وا دەردەکەوێت کە لێکدژە لەگەڵ ئایندا، کەواتە

بۆیە ناچار دەبین لە پلەی متمانەکردنی ئاین بە ڕوداوە مێژووییەکان کەمبکەینەوە، لە کاتێکدا کارەکە لەڕوی مەعنەوییەوە جیاوازە، بەچەشنێك کەسانێك هەن کە ڕوداوە مێژووییەکان بە گۆشەنیگایەك دانانێن لە گۆشەنیگاکانی بیرو ڕەفتاری ئاینی.

.مۆدێرنەی هەنوکەیی - شوێنی:

بەواتە، ئەو کەسەی کە پێشنیاری چارەسەر بۆ دۆزی (تیۆری) یان گرفتی (پرۆسە) دەکات، دەبێت هەر ئێستاو لەم شوێنەدا، بەمەبەستی زانینی شوێنەوارو بەرئەنجامەکانی ئەم چارەسەرەیە، ئەم چارەسەرە ئەزموونبکاتو تاقیبکاتەوە. ئەمە بەو واتایە نییە کە مرۆڤی مۆدێرنە هەر دەبێت نکوڵی لە بوونی ڕۆژی دواییو ژیانی پاش مردن بکات، مرۆڤی هاوچەرخ لە توانایدایە باوەڕی بە ڕۆژی دواییو ژیانی پاش

مردنیش هەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئێستاو لەم دنیایەدا کە دادەنرێت بە تاکە تاقیگەی زانستی، ئەو مەسەلانە تاقیبکاتەوە. یەکێك لە واتاکانی علمانیەت بریتییە لەوەی هەموو ئەو شتانەی دەیڵێیتو بانگەشەی بۆ دەکەیت، پێویستە لێرەدا تاقی بکرێنەوە، تا هەلی ئەوەمان بۆ بڕەخسێت کە لە ڕاستو دروستی ئەوە دڵنیا بیتەوە کە دەیڵێیت. ئەگەر بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە یان ئەم گرفتە پێشنیاری ئاینێك یان ئاینزایەك یاخود ڕێبازێکت بۆ کردین و پاشان بەسەر سەرمانەوە وەستایتو فەرمانت پێکردین کە بەبێ مشتومڕ پەیڕەوی لەم چارەسەرە بکەین، بەو هیوایەی کە ئاکامە باشەکانی لەپاش مردنەوە دەربکەوێ، ئەوا مرۆڤی مۆدێرن ڕەتیدەکاتەوە کە بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا بکات، چونکە لە ڕوانینی ئەودا ئەمە هیچ واتایەکی نییە. مرۆڤی مۆدێرن ناڵێت ژیانی پاش مردن نییە، بەڵکو دەڵێت من دەبێت ئێستا لەمە

تێبگەم. نمونەیەکی سادە لەسەر ئەمە، گەر تۆ بۆ نان کڕین چوویت بۆ نانەواخانەیەك، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە نانەکە هەڵنەهاتبوو نانەکەت نەکڕی، نانەواکەش پێیوتی: نانەکە بەرە کە گەیشتیتە مزگەوتەکە خۆبەخۆ هەڵیەت! ئێستا ئەگەر ئەم پێشنیارەی نانەواکەت پەسەند نەکرد، ئایا مافی نانەواکەیە کە تۆمەتبارتبکات بەوەی کە تۆ باوڕت بە مزگەوت نیە؟ بەڵێ، مافییەتی بڵێ فلان کەس باوەڕی بەوە نییە کە مزگەوت شوێنێکی باشبێت بۆ تاقیکردنەوەی نان لەڕوی هەڵهاتنەوە، نانەواخانەش تاکە شوێنی گونجاوە بۆ لێکولینەوە لەم مەسەلەیە.

ئەم نموونە سادەکراوە، ڕۆڵی لە توێژینەوەکەماندا ئەوەیە ئەو ڕاستییە دەربخات کە ئاینەکەمان گەر بانگەشەی شتێکی دیاریکراویکرد، دەبێت کاریگەریی ئەم شتە تاقیبکرێتەوە، لەم کاتەو لەم شوێنەدا، نەك

لە کاتو شوێنێکی تردا. پاشان ئەگەر ڕۆژی دوایی هەبێت ئەوا تەمسیلی ئەنجامێکی بەردەوامئامێزی ئەو شتە دەکات کە لەم دنیایە دەستتلێداوەو سوودت لێ بینیووە، خۆ ئەگەر ڕۆژی دوایی نەبوو ئەوا بەهەر حاڵ من ئەم دنیایەم لەکیس نەچووە. بەڵام گەر گوترا ناکرێت لە ڕاستیی ئەم چارەسەرە پێشنیارکراوە بۆ مەسەلەو گرفتەکان بکۆڵرێتەوە تەنها پاش مردنو چوونە ناو جیهانگەلی نوێوە نەبێت، ئەوا ئەم قسانە لەگەڵ میتۆدی علمانی بۆ مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا ناگونجێن.

ئەم تایبەتمەندییەی مۆدێرنە، وا لە مۆدێرنە دەکات کە ناسازو ناتەبا بێت لەگەڵ تەوژمی بایەخدان بە ڕۆژی دوایی، کە ئاینەکان تێیدا هاوبەشن. مرۆڤی مۆدێرن لەو کەسانە دەچێت شارەزاییان لەبارەی کولتوورە کۆنەکانی پێش مۆدێرنە هەیە، لەو ڕووەوە کە بە ڕەخنە مامەڵە دەکات نەك بە پەکخستن. واتای ئەم

قسەیە لەسەر ئاستی ڕاستگۆیی ئەوەیە کە ئەگەر پێویستبوو لەسەرم نوێژ بکەمو ڕۆژوو بگرمو حەج بکەم، چار نیە دەبێت لە ماوەی ژیانم لەم دنیایەدا هەست بە شوێنەواری ئەم پەیڕەوکردنە بکەم، لەڕێی هەستکردن بە خۆشی و پشوو و ئارامیو هیواو ڕەزامەندیی ناوخۆیی مەعنەوی. بەڵام ئەگەر من هەموو کەشو سروتو پەرستشەکانم ئەنجامبدەم بەبێئەوەی هەست بە کاریگەرییەکی ئەم شتانە بکەمو هەر هێندە باس بکەم کە بڵێم ئەم کاریگەرییانە لە دنیای دواییندا دەردەکەوێت، ئەوا ئەو کاتە کارێکی سروشتییە کە بەو لایەدا دایشکێنم کە باوەڕم بەوە هەبێت ئەم کارانە لەم دونیایەدا هیچ سوودێکیان نییە. ئەو تێگەیشتنەی کە مرۆڤی تەقلیدیی موحافزکار سەبارەت بە ئاین هەڵگرییەتی ئەوەیە کە ئێمە هەڵدەستین بەم کارو پەرستنانە بەبێئەوەی بزانین کە خوا چی لە تۆماری کارەکانماندا تۆمار دەکات. لە

فەرهەنگی ئاینیی تەقلیدیدا شتێك نیە ناوی هەستکردن بە پشوو و هیواو دڵنیایی بێت لە دنیادا. گرنگ لای ئەو دنیاکەی ترە، بەڵام مرۆڤی نوێ باوەڕی وایە کە دەبێت ئاین لەم دنیاشدا هەموو ئەو شتانەی بۆ فەراهەم بکات، لەو دنیایەی کە تیایدا دەژی دەبێت پەرستن کاریگەریی ڕۆحیی هەستپێکراو و بەرهەستی هەبێت، هەر بەوجۆرەی کە لە دوای کرداری نانخواردن هەست بە تێربوون دەکەین. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا مینۆکی بریتییە لە جۆرە تەوژمێکی ئەزموونییانە لە ئاین، کاری پێویستی مینۆکی ئەزموونکردنی ئاینە لەم دنیایەدا. بێگومان دەکرێت لە ئایاتو لە گێڕانەوەکاندا ئەو گەواهییانە بدۆزینەوە کە ئاماژەن بۆ ئەم واتاو کرۆکە. بەڵام نامەوێت توێژینەوەکەم پەلکێشبکەم بۆ ئەم چوارچێوەیە. هەندێ لەوانەی کە دەیزانن دەڵێن: مەبەست لەم واتایە بریتییە لە ئایەتی {من کان في هذه أعمى فهو في

الآخرة أعمى وأضلّ سبيلاً} (الإسراء - ٧٢). واتە هەرکەسێك لەم دنیا شوێنەوارەکە نەبینێت ئەوا لەو دنیاش نایبینێت. بێگومان دەکرێت بوترێت ئێمە دەتوانین لەم دنیا هەندێك شوێنەواری ئاینداری ببینین نەك هەموو شوێنەوارەکانی، ئەمەش قسەیەکی ماقوڵە.

گرنگ ئەوەیە لێرەدا هەست بە شوێنەوارێك بکەین، ئەگەرنا ئەو دەرئەنجامە لۆژیکیەی کە نەبینینی هیچ شتێك، بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بریتی دەبێت لە پێویستبوونی گوێگرتن لە هەموو شتەکانو پابەندبوون پێوەی، واتە پێویستە لەسەرمان کە هەر کەسێك دێتو پێمان دەڵێت پێویستە بەیانیو ئێوارەی هەموو ڕۆژێك ئەمەو ئەوە بخوێننەوە، بەقسەیبکەین، دەرئەنجامیش پاش مردن دەردەکەوێت، نابێت ناڕەزایەتی لەدژ دەربڕین، چونکە ئەو هەمان ڕێگەی

پێغەمبەرانی گرتووە، واتە هەواڵە کردن بۆ پاش مردن. هیچ پێودانگێکی ڕوونیش بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە ئاینییەکانو یەکالاکردنەوەی سکالاَ دژ بە یەکەکان لە چوارچێوەی ئایندا نابێت. مەبەست لەوەی کە مۆدێرنە خاوەن خەسڵەتی (هەنوکەیی شوێنییە) ئەمەیە.

□. دارمانو لەرزینی ئەحکامو یاسا شمولییە کۆنەکان:

لەبەر چەندین هۆکار، ئەحکامو یاسا شمولییە میتافیزیکیەکان لە زەینی مرۆڤی مۆدێرندا لەرزییوە. ئەحکامە میتافیزیکیە کلاسیکیەکان دوو خەسڵەتیان هەیە:

ئەلف: زیادەڕۆیی لە شمولیەتدا: لەبەر ڕۆشنایی ئەم شمولیەتەدا، هەموو شتێك، هەر لە کونی دەرزییەکەوە تا کۆڵەکەی ماڵ دەستدەدات لێکبدرێتەوە، گەر لە

لایەنگرانی ئەمە لە نموونەی ئیبن سیناو هیگلو سپینۆزاو دوایینیان هوایتهدت، سەبارەت بە هەر شتێك پرسیارت بکردایە، دەهاتنە لێکدانەوەیو لە سیستمە هزرییەکەی خۆیاندا، کە وایدادەنێن هەموو شتێکی نێو ئەم جیهانە دەگرێتەوە، جێگەیەکی تایبەتیان دەدایە. وەڵامی ئامادەیان بۆ هەموو پرسیارێك هەیە، جا ئەو پرسیارە چ پەیوەست بێت بە پێش مردنەوە یان پاش مردن، بە ئاژەڵ و مرۆڤەوە، بە بێگیانو ڕوەکەوە.. لێرەوە دەوترێت کە تیۆرە میتافیزیکیەکان خاوەن خەسڵەتی شمولیانەو گشتگیرانەن (**Comprehensive**). لەنێو زانایانی پێشینی میتافیزیکادا کەسێك نییە بڵێت: من پسپۆڕم لە مەسەلەی جەبر، بۆیە سەبارەت بە فۆرم و ناوەڕۆك پرسارم لێمەکەن. بەڵام ئەمڕۆ کاتێك دەچیت بۆ زانکۆی کامبریج مامۆستایەك دەبینیت پسپۆڕە لە جەبردا، پرسیاری سەبارەت بە فۆرم و ناوەڕۆك یاخود

شوێن‌و کات لێدەکەیت وەڵامتدەداتەوە کە ئەوە لە سنوری پسپۆرییەکەی ئەودا نیە، ئەمەش هیچ سەرسامییەك لای تۆ ناوروژێنێت، بەپێچەوانەوە پەی بەوە دەبەیت کە ئەم ئەهلی هونەرو پسپۆڕییە.

بێ: بیروباوەڕە میتافیزیکیەکان بەخەسڵەتێك جیاووکن کە بریتییە لەوەی لە یەك کاتدا ئەقلانی‌و بینراوی‌و ئەفسانەییشن، واتە ئەم (مەبەست بیروباوەڕی میتافیزیکییە) لەگەڵ ئەم سێ خەسڵەتە دەگونجێت‌و سەرچاوە یەکەم‌و پشت پێبەستراوەکانی پێکدەهێنن. ئەقلانیەت بەواتە هۆگیری‌و بەلگەهێنانەوە (ئەقڵ لێرەدا بەواتە هۆ (reason)، شهودی (بینراوی) بەواتە پشت بەستن بە ئەقڵێکی بینراوی (intellect) ئەفسانەییش بەواتە هەندێ بۆچونی میسۆلۆژی لەخۆ دەگرێت.

تیۆرە میتافیزیکیەکان سەرمایەی فیکری خۆیان لەم سێ سەرچاوەیەوە وەردەگرن‌و لەسەریان دەژین: ئەقڵی بەلگە هێنانەوە (استدلالی)، ئەقڵی بێزارو (شهودی)، ئەقڵی ئەفسانەیی. ئیبن سیناو مەلا سەدراو ئیبن مەیمون‌و هیگل‌و تۆما ئەکوینی‌و ئەوانی وەك ئەمان بوون، بەم چەشنە بوون. بەلام ئەمڕۆ هەموو ئەم تیۆریانە لە دیدی مرۆڤی مۆدێرندا گرنگی خۆیان لە دەستداوە، هەر لەبەر ئەم سێ هۆکارە سەرەکییە لەرزیوون، بگرە داڕماون. ئەمە جۆرێکی دیکەیە لە بێمتمانەیی، پەیوەستە بە میتافیزیکاوە. ئەم تایبەتمەندییەی مۆدێرنە لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە ئاینەکان خاوەن مۆرکێکی میتافیزیکی قورسن، نایەتەوە. لێرەدا قورسی بەواتای کێشی گەورەو ڕەقییەکی توند. بۆ مرۆڤی مۆدێرن ناشێت ئەم میتافیزیکە قورسەی کە ئاینەکان لێی بەهرەمەندن قبوڵی بکات‌و لەگەڵیدا هەڵبکات. نمونەش بۆ ئەمە، تۆ

نەخۆش دەکەویت دەچیت بۆ کلینیك (عیادە) تاپزیشك بتپشکنێتو چارەسەری گونجاوت بۆ بنوسێتو چارەسەرەکە بەکاربهێنێت تا تەندروستیت چاك ببێتەوە، بەڵام ئەی ئەگەر پزیشکەکە پێیوتیت کە ئەم چارەسەرانە کاریگەرییان نابێت لەبەرئەوەی باوەڕت بەوە نییە کە ئەو دەرچووی فڵان زانکۆیە، تا باوەڕیشت بەوە نەبێت کاریگەری نابێت. ئاشکرایە لەم قسانەی توشی سەرسامی دەبیت. ئێستا ئەگەر پزیشکەکە هەربەوەندە واز نەهێنێت، بەڵکو سەرباری ئەمە داواشی لێکردیت کە دەبێت باوەڕت بەوە هەبێت کە فڵان پزیشكو فیسار پزیشك خوێندکاری ئەم بوونو دەبێت وەك مەرجی دووەم بۆ کاریگەریی دەرمانەکە باوەڕ بەمەش بکەیت، کاردانەوەت چی دەبێت لە بەرامبەر ئەم داواکاریە بێ مانایانە؟ بێگومان زۆریی ئەم مەرجو داواکارییانە گومانی

زیاترت سەبارەت بە تواناو شارەزاییەکانی ئەوت لا دروست دەکات وەك پزیشکێك.

لەگەڵ ئاینە تەقلیدییەکانیشدا حاڵەتەکە بە هەمان شێوەیە کە هەموویان، سەرباری پلەی جیاوازییان، هاوبەشن لە پشتبەستنیان بەم شێوە یان بەو شێوە لە باوەڕهێنانە میتافیزییکیە قورسەکان، بەواتەی ئەوەی بۆئەوەی ڕێگەی ڕزگاربوون بەدەست بهێنیت لەسەرتە باوەڕت بە لیستێکی دوورو درێژ لە غەیبیات هەبێت، کیرکەگۆر دەڵێت: "ڕزگاربوون، باوەڕداربوون بە زۆر، مەسەلەی لەرزیوومان بەسەردا دەسەپێنێت". بەڵام ئەگەر پزیشکەکە پێی وتین ئەم ڕاچێتەیە بەسوودە بۆت جا باوەڕت بە بڕوانامەو لێهاتوویی‌و بەڵگەنامەکانم هەبێت یان نا، بێگومان ئەمە دەیسەپێنێت بەسەرماندا کە باوەڕمان بە ڕاستی ڕاچێتەی چارەسەرکردنەکە هەبێت، لەبەر ئەوەی

دەربڕینی میتافیزیکیانەی لە پشتەوە نییە، هەروەها لەبەرئەوەی پابەندمان ناکات باوەڕ بە کۆمەڵەشتێکی زۆر بکەین لەدەرەوەی سنووری دەرمانەکەو کاریگەرییەکەی.

ئاینەکان خاوەن مۆرکێکی میتافیزیکی چڕکراوەن با لەبڕو ئاستیشدا جیاواز بن. لەم بوارەدا بوزا دەڵێت: ئەوەی دەیڵێم بیخەنە ژێر تاقیکردنەوەوە، ئەگەر ڕاست بوو کاری پێبکەن، خۆ گەر ڕاست نەبوو مەیکەن، بوزا هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەو (واتە بوزا خۆی) مەعسوم نییە لە هەڵە، بوزا شوێنکەوتووەکانی خۆی لەوە وریا دەکردەوە کە لەسەر ئەم بناغەیە نەبێت مامەڵەی لەگەڵ نەکەن. (بێگومان بوزییەکان پابەند نەبوون بەم ئامۆژگارییەوە، بەڵکو دەستیان کرد بە بەخودا کردنی بوزا، ئەم چیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەك کە کۆمەڵناسیی ئاین لێی

دەتوێژێتەوە). بەهەر حاڵ، پێکەوەبوونێك هەیە لەنێوان ئاینەکانو باوەڕ بە میتافیزیکا، هەر بوزیەت خۆی، دەیسەپێنێت بەسەر شوێنکەوتووەکانیدا کە باوەڕیان بە دونایدونو کارماو سامسارا هەبێت، هەر کەسێك باوەڕی بەم شتانە نەبێت لە شوێنکەوتووانی ڕاستەقینەی بوزا نییە!

لە ڕاستیدا (مینۆکی) جۆرە ئاینێکە کە لایەنە میتافیزیکیەکانی بۆ کەمترین سنووری قەتیس دەبێت. ئەم ڕۆژگارە کەسانێك هەن ڕەواج بە شێوازی چارەسەری ڕۆحی دەدەن، بۆ نمونە دەڵێت: ئەم لەخۆڕامانە (**meditation**) بکە لە ماوەی سێ مانگدا ئەنجامەکەی دەبینیت بەبێ ئەوەی پابەندت بکات بە باوەڕکردن بە هیچ شتێکەوە. پزیشکییە ڕۆحییەکەیان وەك پزیشکییە جەستەییە نوێیەکەی لێهاتووە، کە بۆئەوەی چارەسەرەکە کاریگەر بێت،

باوەڕدار بوون بەهیچ شتێك پێویست ناكات. ئەم جۆرە پزیشكێتیە ڕۆحیە ڕوخسارێك لە ڕوخسارەكانی مینۆكی دەنوێنێت، ئەمەش لەبەرئەوەی كە ڕەهەندە میتافیزیكییەكەی تا دوورترین سنوور ڕوون و ئاسان كراوەتەوە.

□. زەوتكردنی پیرۆزیی لە كەسەكان:

یەكێك لە سیماكانی مۆدێرنە بریتییە لە بانگەشە كردن بۆ یەكسانی (**Egalitarianism**). مۆدێرنە لەڕوی مەعریفییەوە بەیەك چاو دەڕوانێتە كۆی ڕۆڵەكانی مرۆڤایەتی. یەكسانی بەواتە: بەیەكچاو تەماشاكردنی هەمووان، ئەمەش بەواتەی ئەوەی كە هەركەسێك بانگەشەی شتێكی كرد دەبێت بەڵگە لەسەر ئەو شتە بهێنێتەوە، گەر ئەمەی كرد قسەكەی پەسەند دەكرێت، ئەگەرنا قسەكەی پەسەند ناكرێت، ئەمەش بەواتای داماڵینی پیرۆزی لە كەسەكان، كە وشەیەكی

ناڕۆشنو دوورە لەتێگەیشتن، بەڵام جگە لەو وشەیە هیچ وشەیەكی دیكەم نەدۆزییەوە.

بەهەر حاڵ، كاتێك دەڵێم (داماڵینی پیرۆزیی لە كەسەكان) ئێوە بەواتایەك تێیدەگەن، منیش لەم دەربڕینە ئەو واتایەم مەبەستە. ئەم كارەش لەگەڵ ئاینەكاندا واتە لەگەڵ ئەو شتانەی كە لەسەر ئاستی ئاینەكان باون لە قبوڵكردنی پیرۆزكردنی كەسانێك یەكتر دەبڕێو نایەتەوە، بگرە هەندێ جار دەگاتە بەخواوەند كردنیان. بوزا، كە شوێنكەوتووەكانی لە بەپیرۆز تەماشاكردنی خۆی وریا دەكردەوە، لە ڕوانینی شوێنكەوتووەكانی خۆیدا بوو بە خوا، جا ئەبێ بۆ ئەو كەسانە چۆن بێت كە شوێنێكی جیاواز لە خەڵكی ئاسایی بۆ خۆیان دادەنێن. لێرەدا ویژدان دەیسەپێنێت كە دانبەوەدا بنرێت هیچ یەكێك لە دامەزرێنەرانی ئاینو ئاینزا ناسراوەكانی دنیای ئەمڕۆ جیاوازیەكی

تایبەتییان لەخۆیاندا نەدەبینی تا وایان لێبکات کە لەسەرو ئاستی پرسیارو گفتوگۆوە بن. بەلاّم لەپەیوەندی بە موریدەکانیانەوە ڕەوشەکەمان بەو جۆرە نییە، ئەو موریدانەی کە لەسەر باشترین هێڵی مورشیدەکانیان دەمەقاڵەیان کەوتە نێوان، موریدی یەکەم وتی: ڕێگەی مورشیدەکەم لە ڕێبازی مورشیدەکەت باشترە، موریدی دووەمیش وتی: نەخێر ڕێبازی مورشیدەکەی من باشترە. دەمەقاڵەکەیان توند بۆوە، بڕیاریاندا پەنابەرنە بەر هەمان دوو موڕشیدەکە، یەکێك لە موریدەکان بە موڕشیدەکەی وت: من دەڵێم ڕێبازەکەی تۆ لە ڕێبازەکەی فلاّن مورشید باشترە، بەلاّم موریدەکەی فلاّن دەڵێت ڕێبازەکەی ئەو باشترە، هاتووین حوکممان بکەیت. مورشیدەکە تۆزێك ڕاماو پاشان وتی: بۆ ویژدان ڕێبازی فلاّنە کەس لە ڕێبازەکەی من باشترە. هەر دوو موریدەکە لە دادگاکە هاتنە دەرەوە، ئەوەیان کە

بەزیبوو وتی: مورشیدەکەم تەنانەت نرخی ڕێبازەکەی خۆیشی نازانێت!

دەتوانیت بڵێیت کە مرۆڤ تەنانەت لە جیهانی مینۆکیشدا ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ کەسێکی دیکە، وەك مامۆستا (ناڵێم شێخ یان مورشید یاخود مورید). بەلاّم بیریشمان نەچێت گەڕانەوە بۆ لای مامۆستا پیرۆزکردنی مامۆستا نییە. ئەم گەڕانەوەیە وەك گەڕانەوە بۆ لای پزیشك وایە. تۆ ناتوانیت بەمەبەستی تاقیکردنەوەی کاریگەریی گژوگیاکان لە چارەسەرکردنی نەخۆشی جەستەییدا گشت گژوگیای هەموو دنیا بیبڕیت، بەبیانووی ئەوەی کە ئارەزووت نییە ڕاوێژ بە پزیشك بکەیت. پێتدەوترێت تۆ ناتوانیت خۆت لەو ڕێگە دوورو درێژە نەبان بکەیت کە مرۆڤایەتی لە ماوەی هەزاران ساڵدا تەی کردووە و بێیت لە سفرەوە دەست پێ بکەیت. کەواتە پێویستە

لەسەرت سەردانی پزیشك بكەیت، بەڵام ئەگەر سەردانیت كرد مافی ئەوەت نییە كە بڵێیت مادەم پزیشكەكە فڵان كەسە ئەوا ئیتر هەر دەرمانێك كە ئەو دەینوسێت كاریگەری دەبێت. پێویست ناكات بڵێیت دەبێت سەرلەنوێ هەموو گژوگیاكان تاقیبكەینەوە، هەروەها پێویست ناكات بە ڕەهایی پشت بە قسەكانی پزیشكەكە ببەستیت و پێت وابێت كە هەر دەرمانێك ئەو دەینوسێت دەرمانێكی ڕاستو كاریگەرە. ئەم دوو حاڵەتە توندڕەوانەنو پێویستە ڕێگەیەكی مامناوەنجی لە نێوانیاندا بگریتە بەر. ڕێگاكە لە سفرەوە دەست پێناكەین، متمانەی ڕەهاش بەو قسانە ناكەین كە پزیشكەكە دەیانڵێت، چونكە هێشتا ئەو كاریگەرییانەمان بەرهەست نەكردوە كە دەرمانەكە دایاندەنێت. گەڕانەوە بۆ لای مامۆستا لە سنوری مینۆكیدا كارێكی زۆر ئاساییە، بەڵام بەمەرجێك بۆ مەبەستی كورتكردنەوەی ماوەكەو دووركەوتنەوە بێت

لەوەی كە لە سفرەوە دەست پێبكەین. بەڵام ئەم كرداری كورتكردنەوەیە چۆن ئەنجام دەدرێت؟ ئەم كرداره لە ڕێی تاقیكردنەوەی ئەو دەرمانانەوە ئەنجام دەدرێت كە پزیشكەكە پێشكەشی دەكات، بێگومان گەر كاریگەرییان هەبوو، خۆ گەر نەیانبوو تۆ ناچار نیت بەم ڕاچێتەیەوە كە سەرباری ئەوەی بێكاریگەریش بووە پابەند بیت پێیەوە. ئەمە واتای پیرۆز نەكردنی مامۆستایە. ئێمە قسەكانی مامۆستا دەخەینە ژێر تاقیكردنەوەو ئەزموونەوە، گەر لە تاقیكردنەوەكەدا دەرچوو پەیڕەوی لێدەكەین خۆ گەر دەرنەچوو ئەوا هیچ. ئەمە سیمای پێنجەمە لەو سیمایانەی كە ئاینی مێژووییو خوێندنەوەی تەقلیدی بۆ ئاین نیانە.

. ئاینە مێژووییەکان کۆمەڵێك ئەحکامو پاشبەندو پاشکۆیان هەیە، مرۆڤی مۆدێرن دەزانێت کە ئەو ئەحکامو پاشبەندو پاشکۆگەلانە بەرئەنجامی ئەوەن کە ئەم ئاینانە ناوخۆیین (Locality)؛

کاتێك سەرپێیی تەماشایەکی هەموو ئاینو ئاینزا مێژووییەکان دەکەیت، تێبینی دەکەیت کە زۆربەی ئەو شتانەی لەم ئاینانەدا هەن، لە وانە تیۆری‌و ئەحکامە کرداریەکان، لە ڕاستیدا دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ئاینانە لە بڕگەیەکی مێژووی تایبەتدا دەرکەوتوون و لە پێگەیەکی جوگرافی تایبەتو لە سایەی بارودۆخو هەلومەرجێکی کولتووری‌و حەزاری تایبەتدا سەریانهەڵداوە. قورئان دەڵێت: {أفلا ینظرون إلى الإبل کیف خلقت} ناڵێت: «أفلا ینظرون إلى الفیله کیف خلقت»، لەکاتێکدا زۆربەی ئەو خوازەو لێکچواندنانەی لە هەردوو ئاینی بوزی‌و هندۆسیدا هاتوون باس لە فیل دەکەن، لەبەرئەوەی ئاژەڵێکە زۆرترین ئامادەیی

هەیە لە نیمچە کیشوەری هندیدا، کە ئەم دوو ئاینە تیایدا سەریان هەڵداوە.

لە ڕاستیدا مینۆکی وا دەخوازێت کە ئاینەکان دامالرێن لە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن بەو تایبەتمەندییانەی کە ناوخۆیین (Locality). تایبەتمەندیی ناوخۆیی (Locality) لە هەموو ئاینو ئاینزاکاندا هەیە. ئەم تایبەتمەندییەش لە سەر هەمان ئەحکامو ڕێنمایی پاشەکشە دەکات. بۆ ئەوەی بگەینە (مینۆکی) دەبێت مەسەلە ناوخۆییەکان (Local) هەڵپاچین تا لەو ڕێیەوە دەگەینە مەسەلە گشتییەکان (Universal).

کاتێك لەو باوەڕەداین خەڵکی هەموو کە لە شوێنو کاتێکی جیاوازدان، دەکرێت خەڵکێکی بەختەوەر بن سەرباری جیاوازیی بیرو باوەڕیشیان، ئەمە بەواتای ئەوەی کە تۆ دانبەوەدا دەنێیت کە ئەو بیروباوەڕانە

هیچ پەیوەندییەکیان بەسەر بەدیهێنانی بەختەوەری یان چەرمەسەرییەوە نییە. ئەمەش بەجێی خۆی بەواتای ئەوەی کە ئەو بیروباوەڕە جیاوازانە خاوەن تایبەتمەندییەکی ناوخۆیین (**Local**).

ئەو دیدە مێژووییەی کە مرۆڤی مۆدێرن لەسەر ئاینەکان هەیەتی، ڕێبەری کردووە بۆ ئەوەی باوەڕ بەوە بهێنێت کە هەندێ لە بیروباوەڕی ئاینەکانو ئەحکامو ئەو ڕێنماییانەیان کە خاوەن مۆرکێکی ناوخۆیین، هی قۆناغو جێگەو بارودۆخێکی تایبەتن.

ئەمڕۆ، ڕۆحێك هەیە فەرمانڕەوایە بەسەر پانتایی مینۆکیدا، پوختەکەی ئەوەیە: ئاین بۆ مرۆڤە نەك مرۆڤ بۆ ئاین بێت، واتە ئاین هاتووە خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات. هەر وەك دەربڕینە عیساییەکە دەڵێت (شەممە بۆ مرۆڤە نەك مرۆڤ بۆ شەممە). لەبەر ڕۆشنایی ئەمە، ناکرێت لەبەر ڕێزی شەممە

خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بوەستێنین.ئەم خوێندنەوەیە خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانەیە کە گەرەکییەتی بڵێت هیچ شتێك لە مرۆڤ بەڕێزتر نیە. کاتێکیش دەڵێین کە هەموو شتێك لەخزمەتی مرۆڤدایە مەبەستمان ئەو واتا وردو دەقیقەیە کە لە نێو ئەوانەدایە کە چواردەوریان گرتووە، نەك ئەو خزمەتەی کە تەرکیز دەکاتە سەر لایەنی مادیی لە ژیانی مرۆڤدا. بە بۆچوونی من، دەبێت مینۆکی شێوەیەك بۆ خۆی دابڕێژێت بەو شێوەیەی کە دەریدەخەم، ئاینەکانیش، گەر ویستیان لە خزمەتی مرۆڤی مۆدێرندا بن لەسەر ئەم شێوەیە خۆیان ڕێکبخەن، جا ئەوجاش پێویستە لەسەریان بە هەموو ئەو کارانە جێبەجێبکەن کە ئاماژەیان پێدرا.

یەکەمین کارێك لەو کارانەی کە پێویستە لە ڕاست بەدیهێنانی شێوەیەك بۆ مینۆکی ئەنجامی بدەین

بریتییە لە دەستنیشانکردنی کێشەو گرفتەکانی مرۆڤ. گەر ئەو کتێبانە بخوێنیتەوە کە لە بواری پزیشکی دەروونیو دەروونزانیدا نووسراون، یان سەرپێیی تەماشایەکیان بکەیت، هەر بە سروشتی بارودۆخەکە تێدەگەیت کە ئەو کێشەو گرفتە دەروونیانە چین کە مرۆڤ بەدەستیانەوە دەناڵێنێت. هەروەها دەتوانرێت لەم کتێبانەدا نەخۆشیو کێشەگەلێکی هەمەجۆرو هەمەچەشن بدۆزرێتەوە. هەروەك ئەگەر کتێبەکانی کۆمەڵناسی بخوێنیتەوە بەتایبەتی ئەوانەیان کە سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی نەخۆشیو دەردە کۆمەڵایەتییەکان دەنوسرێن، دیسان ڕوبەڕوی لیستێکی پانوپۆڕ لەو گرفتانە دەبیتەوە کە مرۆڤی ئەمڕۆ بەدەستیانەوە دەناڵێنێت. مەسەلەکە لەگەڵ کتێبەکانی ئابووریو ژینگەو سروشتو بیرو ڕۆشنبیریش هەر وایە. گەر ئەم هەموو کێشەو نەخۆشییانە لە لیستێکدا کۆبکەیتەوە ئەوا ژمارەیان دەگاتە هەزاران کێشەو

دەردی تاك وکۆی هزریو کەلتوریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریو زانستیو پەروەردەییو مەعریفیو باوەڕداریو دەروونیو سۆزداری، هەروەها کۆمەڵەگرفتێك کە پەیوەستن بە بواری کارو کارگێڕییەوە.

بە سەیرکردنێکی پشکنینئامێزانەی ئەم لیستە دوورو درێژەی گرفتو کێشەکان بۆمان دەردەکەوێت کە لە پێشبڕکێیەك لەباری درێژیدا ڕێکخراوە، بەواتە هەندێ لەم کێشانە لە هەندێکی دیکەیانەوە سەریانهەڵداوە، بەچەشنێك کە ئەگەر ئەمەیان نەبووایە ئەوا ئەویدیکەیان نەدەبوو، ئابەم شێوەیە لە چێوەیەکی زنجیرەیی لەدواییەکدا. هەموو ئاینێك لەسەریەتی کە ئەو کێشەو گرفتانە بۆ مرۆڤی مۆدێرن بخاتە ڕوو کە زەمینەی باقی کێشەو گرفتەکانی دیکەن، بە هەر دوو جۆرەکەیەوە تیۆریو پراکتیکی. لێرەوە،

هەر تەنها دەستنیشانکردنی زۆریی کێشەکان گرێکە چارەسەر ناکات، بەڵکو دەبێت وێنەی قوچەکی هەڵگەڕاوەی نەخشەیەك بۆ ئەم کێشانە بکێشرێت و ڕۆشنایی بخرێتە سەر کێشە بنەڕەتییەکان، ئەمەش سێ بارودۆخو وێنەی هەیە: یان ئەوەتا بزانین ئەو کێشەیە چیە کە تەواوی کێشەو گرفتەکانی دیکە لێیەوە سەرهەڵدەدەن، یان هۆکاری کێشەکان بزانین، یاخود زۆرینەی کێشەو گرفتەکان بدۆزینەوە. ئەمە قۆناغی یەکەم. قۆناغی دووەم زانینی ڕەگوڕیشەی ئەم کێشانەو هۆکارەکانێتی، بەڵام قۆناغی سێیەم هەوڵدانێکە بۆ ناسینی ڕێگەیەك بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە. قۆناغی دواتر بریتییە لە ناوەڕۆکی ئەو شێوازە زانستیانەی کە گەرەنتین بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ئەمەش لەبەرئەوەی دەشێت ڕێگاچارەیەکی تیۆری بۆ کێشەیەکی دیاریکراو بدۆزینەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش شێوازی کرداری بۆ بەدیهێنانی ئەم چارەسەرە

نەزانین. هەر هێندە بەس نیە کە پزیشکی دەروونی پێت بڵێت: کێشەکەت ئیرەییە و چارەسەرەکەت ئەوەیە خۆتی لێبەدوور بگریت. گرنگ ئەوەیە ڕێگەی دەربازبوون لە ئیرەیی بردنت بۆ ئاشکرا بکات.

قۆناغی پێنجەمو کۆتایش زانینی گرەنتییەکانی دەربازبوونە. لەبەرئەوەی ڕەنگە من لە دیاریکردنی کێشەکەدا سەرکەوتوو بم، هەروەها لە دەستنیشانکردنی ڕێگەچارەکەشدا، بەڵام گرەنتی چییە کە بارودۆخەکەم باشتر دەبێت؟!

بەپێی نەریت لە ئاینی هندۆسیدا دەوترێت، گرەنتی باشتربوونی بارودۆخت یاسای (کارما)یە، لە ئاینی مەسیحیشدا گرەنتی باشتر بوونت لوتفی خودایە، واتە گرەنتی باشتر بوونت لوتفی کەسێکە نەك یاسا. گەر هەر ئاینێك توانی سیستەمێکی خۆبەخۆ لەسەر ئەم شێوەو جۆرە بۆ خۆی دابڕێژێت ئەوا سەرکەوتنی لەم

دنیایەدا بۆ دەنووسرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە دەزانین کە دارشتنی سیستەمێکی لەم چەشنە گرێدراوە بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا.

بە بۆچوونی من مەسەلەو کێشە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی، لە ئازارو ئەشکەنجەو چەرمەسەرییدا خۆی دەبینێتەوە، دەبێت کار بکرێت بۆ دیاریکردنی هۆکاری ئەم ئازارەو دەستنیشانکردنی ڕێگەی زانستییانە بۆ لابردنی، هەروەها دەستنیشانکردنی گرەنتییەکانی بەختەوەریو ڕزگاربوون (لێرەدا مەبەست لە ڕزگاربوون بەواتای ڕزگاربوونە لە هۆکاری ئازارەکانە، جا ئەو ئازارانە هەر شتێك بن).

پێویستە ئەقڵانیەتو مینۆکی کۆبکەینەوە، تا ڕووبەڕوی چارەنووسی ئەو میللەتو شارستانییانە نەبینەوە کە دەستیانگرتووە بە ئەقڵانیەتەوەو

قوربانیان بە مینۆکی داوە، یان بەپێچەوانەوە، ئەمەش بۆتە هۆی وێرانبوونیان. بۆ نمونە شارستانیەتی هندیی کۆن خەڵکەکەی بایەخیان بە مینۆکی دەدا لەسەر حسابی ئەقڵانیەت، ئەوەبوو شارستانیەتەکەیان کوژایەوەو سڕایەوە. شارستانێتی نوێی خۆرئاواش دەستی گرتووە بە ئەقڵانیەتەوە و قوربانیی بە مینۆکی داوە، بۆیە دەگاتە بەردەم ڕێگەیەکی داخراو. ئەمە بوو کە موروواو پاشان ئەندرێ ماڵرۆی والێکرد بڵێن: (پاشەڕۆژ، یان نابودبوونی مرۆڤ بەخۆوە دەبینێت، یاخود مانەوەی مینۆکیی مرۆڤ), ئەمە ئاگادارکردنەوەیەکی ڕاشکاوانەیە لەوەی کە شارستانێتی نوێی مرۆڤایەتی بەهۆی نەبوونی مینۆکییەوە، لەسەر ڕێگەی نەمانە.

پەراوێز:

□. مستەفا مەلەكیان، نووسەرو بیرمەندێكی ئێرانییە.

□. ئەم پابەندكردنە بە واتای ئیلزامی یاسایی نا، بەڵكو گوزارشتە لەوەی كە وازهێنانی مرۆڤ لە ئاین كێشەو گرفتی زۆری بۆ دروست دەكات.

سەرچاوە:

http://www.assuaal.net/studies/studies.32.htm

زنجیرەکانی هۆشیاری

ژ. بلاوکراوەکان	ژ. هۆشیاری	بابەت	نووسەر و وەرگێڕ	ساڵی چاپ
٣٤٥	١	کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین	ن. ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی	٢٠١٠
٣٤٦	٢	سیستمی سیاسی سویسرا	خەلیل عەبدوڵڵا	٢٠١٠
٣٤٧	٣	ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١٠
٣٥٠	٤	ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر	تەحسین نامیق	٢٠١٠
٣٥١	٥	بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١٠
٣٥	٦	ئایین و ئازادی بیروڕا	ن.عەبدولڕەحمان	٢٠١

٢			مونیف و. عوسمان حسن شاکر	٠
٢٥٣	٧	نەتەوە چییە...؟	و. کامیل محمد قەرەداغی	٢٠١٠
٣٥٨	٨	پەرلەمان - سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی	ئامادەکردنی عادل عەلی	٢٠١٠
٣٥٩	٩	الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان	د. شۆرش حسن عمر	٢٠١٠

لەبڵاوكراوەكانی
ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران
ساڵی (٢٠١٠)

ژ	ناوی بڵاوكراوه	ناوی نوسەر	ساڵی دەرچوون
325	حول الفدرالية - النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة	كاوسين بابكر	٢٠١٠
326	المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق	عبدالصمد رحيم كريم زنگنه	٢٠١٠
327	جلال طالباني - مواقف و آراء	صلاح برواري	٢٠١٠
328	قراءة البعث للفاشية التأريخية	د. البرت عيسى	٢٠١٠
329	٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە	حاكم قادر حمەجان عزيز	٢٠١٠
330	پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك)	عوسمان حەمە رەشید گورون	٢٠١٠
331	ئاغاو شێخ و دەوڵەت	و. كوردۆ عەلی	٢٠١٠

332	مێژووی فەلسەفە	و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون	٢٠١٠
333	طالباني جورج واشنطن العراق	خليل عبدالله ترجمة: حسن شندى	٢٠١٠
334	العدالة بين الفلسفة والقانون	اسماعيل نامق حسن	٢٠١٠
335	حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية	د. كاظم حبيب	٢٠١٠
336	المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة	زبير رسول احمد	٢٠١٠
337	الطبيعة القانونية لعقد الزواج	زبير مصطفى حسين	٢٠١٠
338	ئایین و دەسەڵات	هاشم كەریمی	٢٠١٠
339	فیمینیزم	رەسول سوڵتانی	٢٠١٠
340	سياسة التعريب في قضاء شنكال	بيان محمد سعيد	٢٠١٠
341	الامن و مستقبل السياسة الدولية	فرهاد جلال مصطفى	٢٠١٠
342	زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی،		٢٠١٠

	عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی	ئومێد قەرەداغی	
343	مسرحيات و تحليل	فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان	٢٠١٠
344	رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية	زانا رفيق سعيد	٢٠١٠
345	کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ،ژمارە (١)	ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی	٢٠١٠
346	سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢)	خەلیل عەبدوڵڵا	٢٠١٠
347	ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣)	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١٠
348	گۆڤاری کەلتور		٢٠١٠
349	ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ	ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن	٢٠١٠

	١٩٧٢)		
350	ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤)	تەحسین نامیق	٢٠١٠
351	بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥)	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١٠
352	ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦)	ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر	٢٠١٠
353	نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧)	و. کامیل محمد قەرەداغی	٢٠١٠
354	خانقین .. حکایات اعوام الرماد	یوسف یوسف	٢٠١٠
355	بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان	رامیار مەحمود	٢٠١٠
356	الدولة الايوبية في اليمن	د. فرست مرعي	٢٠١٠

357	سپینۆزا	ن. هاشم صالح و. ئارام ئەمین شوانی	٢٠١٠
358	پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی	ئامادەکردنی عادل عەلی	٢٠١٠
359	الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان	د. شورش حسن عمر	٢٠١٠